# پێ‌پەتیەکانی شارەکەم

b.shiruan@wanadoo.nl
کۆژان

کاتێ دەستی
کۆرپەیەکی ناوشارەکەم
درێژ ئەبێت بۆ گیرفانێ
زەوی دەگری
پەنجەی روبارشەپۆلێکە و
ئاوازی مەرگلە کەناری هەڵ ئەسێنێ
خۆریش کچێ قژ بڕاوە
لە حەشمەتی بوونە بوکیا
بۆ زاوای زۆڵ
هەناوی خۆی ئەسووتێنێ
####
ئەی کۆرپەلەی کراس تیتۆڵ
هۆ شارەزای
شەقامی پڕ کۆڵانی چۆڵ
ئارام بگرە
ئاو لە کاسەی سەرما بخۆ
لاشەم لە تکە
بە و پێنچ پەنجە وردیلانە
دەستی پارە بۆ ویژدانم درێژ مەکە
ئەی ئەزانم لە وەڵاما
بەسەرنجێ وەك گرێ شین لە باڵاما
لە گەل رۆحما تێکەل ئەبێت وپێم ئەلێت
زۆر حەزئەکەم
وەك مندالی باخچەی ساوا
هەموو رۆژێ بەر لە ئەوەی
گری خۆری زەوت کراوم
ئەو دەزگیرانە شووکردووەم
زامی کۆنم نوێ کاتەوە

لەپی سۆزی باوکایەتی
پرچی تێکچووم دا بهێنێ
بەبارنینی بارانێکی خۆشەویستی
ژانی بوونم بڕەوێنێ
گوناى هەرگیز ماچ نەکراوم پاك کاتەوە
####
هاورێکانم
ئەی پێ پەتیەکانی شارەکەم
سوێند بەنیگای شەرماویتان
شوێند بەخوێنی بووبە ئاوتان
هەموو ڕۆژێ
لەهەواری نامۆیی ما
میوانمن
خەمی ئێوە وەك مەنگەنەی سەرمایدار
شیلەی ڕۆحم دەکرۆژێ
ئاخر ئێوەش
وەك نەسرەوتن ، وەکو گریان
وەکو ، وەکو زریان
لەگەل یەکەم پاچ وەشانی شەری ژیان
تاکۆچی ڕۆژ
بە ئەوپێ یە بێ پێلاوە
ئەخولێنەوە
شەقام شەقام
کۆلان ، کۆلان
####
ئیتر مەگرین
ئەوە تانێ شەو لەگەلما
سفرەی خەمم بۆ ڕائەخات
لەگەل یەکەم پێکی ژانما
پێك هەلئەدات
وەك وولاخە خەماوی یەکەی
ناوجۆرنیکا



©Kurdistan Net

خەم بۆ مێژووی تەمەن ئەخوات
ئەوەتانێ
بە ئەسپایی بە گوێ کانما ئەچرپێنێ
ئاخر منیش وەکو ڕۆژم
وەکو زەوی وەکو ڕووبار
شەرم ئەمگرێ
لە تەمەنی زۆر درێژم ..

٥ – ٧ – ١٩٩٠
کەلاری کۆن

©Kurdistan Net